پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منى كرد به بەرپرسيار لەسەر سەربڕينى وشترەكانى؛ وفەرمانى پێكردم گۆشت وپێست وڕاخەرى سەر پشتى وشترەكان وەكو خێر ببەخشم، وهيچ لەوانه به قەسابەكه نەدەم

لە عەلی کوڕی ئەبی تالیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منى كرد به بەرپرسيار لەسەر سەربڕينى وشترەكانى (ئەوانەی کە دەیویست بیانکاتە قوربانی)؛ وفەرمانى پێكردم گۆشت وپێست وڕاخەرى سەر پشتى وشترەكان وەكو خێر ببەخشم، وفەرمانى پێكردم هيچ لەوانه به قەسابەكه نەدەم».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە حەجی مالئاواییدا بەرەو مەککە هات وهەندێ ئاژەڵی لەگەڵدا بوو بۆ قوربانیکردن (بۆ هەدی)، وعەلی کوڕی ئەبی تالیب -ڕەزای خوای لێبێت- لە یەمەنەوە هات، وئەویش هەندێک قوربانی (هەدی) پێبوو چونکە ئەم قوربانیکردنە مافی هەژارانە بۆیە ئەو کەسەی قوربانی دەکات مافی ئەوەی نییە بەهەر شێوەیەک بێت بەکاریان بهێنێت بۆ نمونە وەکو گۆڕینەوە بەرامبەر شتێک، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەهی کرد کە وەکو کرێی کارەکەی هەندێک لە قوربانیەکە بدرێت بە قەسابەکە، بەڵکو دەبێت کرێی پێبدرێت بە جیا ونابێت هیچ شتێک لە گۆشت یان پێست یان ڕاخەری سەرپشتی قوربانیەکە وەکو کرێ بە قەسابەکە بدرێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3065